


## فۆجی و کامێرای دژە ئاو و دژە زەڕبە

کۆمپانیای فۆجی کە پێشتریش لە بواری بەرهەمهێنانی کامێرادا رۆڵی خۆی هەبووە، لەم دواییانەدا جۆرێك لە کامێرای دیجیتالی بەرهەم هێنا کە بە Fine Pix XP30 ناسراوە. کامێراکە هەم بچووکە و هەم کێشەکەی کەمە. دەتوانێت بەتواناییەکی زۆرەوە فیلم بە کوالیتی HD بگرێتەوە. بە خێرایی 30 فریم لە یەك چرکەدا. ئەوپەڕیی خێرایی شاتێری ئەم کامێرایە بۆ وێنەگرتن 1 لە 2000 چرکەدایە. لانی کەمی خێراییەکەی 4 چرکەیە. فلاش داخیلی هەیە. توانای ناسینی روخسار و بزەی هەیە. ئاستی نیشاندانی شاشەکەی زۆر بەرزە 230میگاپیکسلە، زۆربەی کارت میمۆرییەکان دەخوێنێتەوە. جگە لەوەش میمۆری ناو کامێراکە 10 میگابایتە. ئەو کامێرایە دژی زەربە، دژی ئاو، دژی تۆز و خۆڵ و دژە ساردییە. عەدەسەی کامێراکە دەتوانێ تا زوومی 5 بەرامبەر گەورە بکاتەوە.

## بە سیستەمی دۆس فلاش میمۆری فۆرمات بکە

فلاش میمۆری بۆتە گرنگترین ئامرازی زانیاری گواستنەوە و خەزن کردنی داتاکان، کەم کەس هەیە بۆ ئەرکی رۆژانەی فلاش میمۆری نەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە هیچ شارەزای بواری کۆمپیوتەریش نەبێت.. چونکە دەکرێ لە فلاش میمۆریدا گۆرانی، وێنە، فیلم، دەق و نووسین...تاد خەزن بکەی. بەڵام جار هەیە فلاش میمۆرییەکە تووشی گرفتێك بووە بەهیچ جۆرێك زانیارییەکانی سەری ناسڕدرێنەوە.. جا گرفتەکە بەهۆی ڤایرۆسێکەوە بێت یان هۆکارێکی دیکە.. لەکاتی وادا پێویستە بە سیستەمی «DOS»ی کۆمپیوتەرەکەت فلاشەکە فۆرمات بکەی، ئەویش زۆر بە ئاسانی.. سەرەتا لە بەشی startدا بچۆ سەر بەشی programs و دواتر کلیك لەسەر accessories بکە و دواتر لەسەر ئایکۆنی Command prompt کلیك بکە.



پاش بوونەوەی پرۆگرامەکە ناوی درایڤی فلاشەکەت بنووسە بۆ نموونە ئەگەر ناوی فلاشەکەت H بوو بنووسە :H و دوای ئەوە ئەنتەر بکە و دواتر بنووسە -Fo mat H/q ئیدی فلاشەکەت فۆرمات دەبێتەوە.

## کامێرای دیجیتالی بەرەو چ داهاتوویەک هەنگاو دەنێت







کامێرای فیلم و وێنەگرتن وەك ئامرازێکی گرنگ لەمێژ ساڵە لەریزی ئامێرە هەرە پێویستییەکانی ژیان سەیر دەکرێت، کامێرا بۆ تۆمارکردنی دوکیۆمێنت، بۆ بە نەمری هێشتنەوەی یادگارییەکان، بۆ دەرخستنی راستییەکان...تاد. کامێراش وەك زۆر ئامێری دیکە لە ئەنالۆگەوە بەرەو دیجیتالی رۆیشت، ئێستا کامێرای ئەنالۆگ زیاتر لە ئەرشیفدا ماون.. ئەگینا وەك بەکارهێنان هیچ رۆڵێکی نەماوە..

کۆمپانیای نیکۆن کە یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کامێرای دیجیتال، لە پێشانگای ساڵانە لە فەرەنسا چەند نموونەیەکی لەو کامێرایانە خستەڕوو کە بڕیار وایە لە داهاتوودا بەرهەم بێن. یەکێك لەو کامێرایانە ئەو کامێرایەیە کە لەبری عەدەسەیەك لە چەندین عەدەسە پێکهاتووە. تاکو لە گشت لایەکەوە وێنە بگرێت و بەتێکەڵکردنی وێنەکان وێنەیەکی زۆر دەگمەن دروست بکات.

کامێرای دووەم، کامێرایەکە کە شاشەکەی 6 ئینجییە، لە راستیدا کامێراکە هەم چوارچێوەیەکی وێنەی دیجیتالییە و هەم کامێرایەکی دیجیتالی. شاشەکە جگە لە نیشاندان خۆی لەگشت لایەنێکەوە وێنە دەگرێت.

کامێرای SLR ئەو کامێرایەیە کە لە سێ بەش پێکهاتووە و هەرکام لەبەشەکان دەگۆڕدرێن. هەربۆیە لە کاتی پێویستدا وێنەگر بەپێی پێویست کامێراکەی خۆی هەڵدەبژێرێ. ئەو نموونانەی کە باسمان کردن، هیچیان بەرهەم نەهاتوون و تەنیا بیرۆکەن، بەڵام هیچ دوور نییە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەوانە داهاتووی کامێرای دیجیتالی دیاری بکەن.

# لاپتۆپی VAIO Z لە ریزی باشـترین لاپتۆپەکان



کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ، راستە ئەو کارایی و تواناییەی کۆمپیوتەری دیسکتۆپی نییە، چونکە بەهۆی ئەوەی پارچەکانی لاپتۆپ زۆر ناسکن و بۆ هەمیشەیین، بەڵام ئەگەر چاوێك بە تایبەتمەندییەکانی لاپتۆپی جۆری VAIO Zی کۆمپانیای سۆنیدا بخشێنن، ئەوکات دەبینن ئەو لاپتۆپە زۆر جیاوازە.

کێشـــی لاپتۆپەکە تەنیـــا 1.2 گرامە. (کیلۆیەك و دوو ســـەد گرام). بارســـتایی لاپتۆپەکە تەنیا 16 ملمە. شاشەکەی 13 ئینجە، خێراییەکەی 2.7 GHz جۆری Corei7. رامەکـــەی 8 گیگابایتە. کارتـــی گیگابایتەکەی جۆری Intel HD 3000ـــە. جگە لەوەی Blu ray و پاترییەکی زیادی لەگەڵدایە. کە دەتوانێت هەتا 14 کاتژمێر کاری پێبکرێت.

## ماوسێکی وایەرلەیسی سەرنجراکێش

مـــاوس ئامێرێکـــی گرنگە بـــۆ پێوەندی دانی نێـــوان مرۆڤ و کۆمپیوتـــەر. ماوس بۆ پێوەندیدانی لەگەڵ کۆمپیوتەر لە وایەر کەڵك وەردەگرێ، لەم دواییانەدا ماوسی وایەرلەیس جێگەی بە ماوسی وایەر لەق کردۆتەوە، واتە مشـــکە بێ کلکەکان جێگەی مشکە کلکدارەکان دەگرنەوە! لەم دواییانەدا ماوســـی وایەرلەیسی جۆری ECO500 لەلایـــەن کۆمپانیای گیگابایت هاتـــە بەرهەم کە هەتا مەودای 10 مەتر دەتوانێـــت لە کۆمپیوتەرەکە دوور بێت. ئەو ماوســـە هەتا 12 کاتژمێر کاری بەردەوام وزەی باترییەکەی دانابەزێت.






## ناساندنی سایتێك

گەلێك ســـایت هەن کە ئەرکیان دابەزاندنی پرۆگرامەکانە، یەکێك لەو سایتانە ســـایتی flamingo worldـە، ســـایتەکە زیاتر لە ســـەد پەیجە و لە هەر پەیجێکیشـــدا چەندین پرۆگرام هەن، جا هەر پرۆگرامێك کە ئێوە مەبەســـتتانە. پەیجەکان ســـێ بەشن، لە بەشی یەکەمدا ناوی پرۆگرامەکـــە و چۆنییەتی کارکردنی پرۆگرامەکەیە، بەشـــی دووەم دابەزاندنـــی پرۆگرامەکە بەبێ بەرامبـــەرە، بەڵام بۆ ماوەیەکی دیارکراو کار دەکات، لە بەشـــی ســـێیەمدا کۆپی ئەسڵی پرۆگرامەکـــە دەتوانی دابەزێنی، بەڵام بە خۆڕایی نییە. ئێوە دەتوانن لـــە رێگەی ڤیزاکارتەوە، یان کـــۆدی بانکەوە، هەر کارتێك کە بۆ ئەم مەبەســـتە داندراوە بەرنامەکە بکڕن. نوێترین پرۆگرامەکان کە بەرهەم دێن لەم سایتەدا وەگیر دەکەون.

# ئاسکەکانی کوردستان بە خێرایی کیسەڵ دەڕۆن

ئینتەرنێت لەم سەردەمەی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا، وەك گرنگترین و سەرەکیترین ئامرازی گواستنەوەی داتاکان و سەرچاوەی گرنگی هەواڵ و زانیارییەکان دێتە ژمار. ئەگەر دوێنێ ئەو پەندە باو بوو، دەکرێ بەبێ نان بژین، بەڵام بەبێ رۆژنامە نا. بەڵام ئەمڕۆ دەکرێ دەستەواژەکە بەم جۆرەی لێبکرێت، دەکرێ بەبێ رۆژنامەو راگەیاندنیش بژین، بەڵام بەبێ ئینتەرنێت نا. لە هەرێمی کوردستاندا بەرەبەری ساڵی ٢٠٠٠ بوو کە ئینتەرنێت جێگەی خۆی لە راگەیاندندا دەکردەوە و دامودەزگاکان سوودیان لە ئینتەرنێت وەرگرت. پاشان تاکی هەرێمیش توانی سوود لە ئینتەرنێت وەربگرێت. هاتنی ئینتەرنێت بۆ کوردستان تا ئێستا چەندین قۆناغی بڕیوە. لە هێڵی تەلەفۆنی ماڵانەوە بگرە تا دەگاتە سیستەمی وایمەکس و وای فای و وایەرلەیس، بەڵام هیچ کام لەو سیستەمانە وەڵامدەرەوەی پێویستی هاووڵاتییان و ئەم خەڵکە نین و ئەو خاو و سسستیەی لە هێڵی ئینتەرنێتی هەرێمدا هەیە، لەگەڵ سیستەمی وڵاتانی جیهاندا بەراورد ناکرێت. عێراق لەریزبەندی وڵاتانی جیهان بۆ خێرایی ئینتەرنێت لە کۆتاییەکانی دایە، واتە لە پلەی ١٤٠ بۆ سەرەوە.

کۆریای باشوور چەندین ساڵە لەڕیزی یەکەمی ئینتەرنێتی خێرایی جیهاندایە بە ئاستی ٣٢ میگابایت لە چرکەیەکدا، لەدوای ئەویش وڵاتی ژاپۆن دێت بە پلەی ٣٠ میگابایت لە چرکەیەکدا.. لە هەرێمی کوردستاندا هەر کام لە سیستەمەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت کە باوترینیان سیستەمی وایەرلەیسی رێبەرکویك و تارین نێتن هەرچەندە چەندین کۆمپانیای دیکەش هەن وەکو "ڤیگۆ" و "ناوەند" و "ئاریا فۆن"..تاد، بەڵام ئەوەی کە زۆربەی خەڵك بەکاری دێنێت هەر ئەو خزمەتگوزاری ئەو دوو کۆمپانیایەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، هەڵبەتە لە سنووری هەولێر هەمیشە خێرایی هێڵی ئینتەرنێت هی ئەو دوو کۆمپانیایە لە هەڵبەزین و دابەزین دایە، لە نێوان ٧ کیلۆبایت هەتا ١٤٤ سەرتر و خوارتر دایە. بەڵام لەو حاڵەش را خەرجی مانگانەی ئینتەرنێت بە بەراورد بە ئاستی بژێوی هاووڵاتییانی کۆریای باشوور و ژاپۆن زۆر لە سەرێیە، چونکە لە کۆریای باشوور بۆ خێراترین خەرجی مانگانەی ئینتەرنێت ٥٠ دۆلارە و لە ژاپۆن بۆ سیستەمی وایەری ئینتەرنێت کە خێراییەکەی ١٠٠ میگابایتە ٦٧ دۆلارە، لەکاتێکدا داهاتی مانگانەی تاکێك لەو دوو وڵاتەی ئاماژەمان پێدان لە سەرووی ٣ هەزار دۆلارە و لە کوردستانیش ناگاتە پێنج سەد دۆلار.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی هیچ کام لە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت ئامادە نین سەبارەت بە وەزعی ئینتەرنێت لە کوردستان روونکردنەوە بدەن و هۆکاری سستی و خاوی هێڵەکەیان باس بکەن، کێ لەم وەزعە بەرپرسە؟ بۆچی عێراق لە ریزبەندی دوا وڵاتەکانی هێڵی ئینتەرنێت لە جیهاندا دێت، هەرچەندە لە ریکلامەکانیاندا گوێبیستی دەستەواژەی زۆر سەرنج راکێش دەبیت کە لەگەڵ جیهانی واقیعیەتدا، جیاوازیان ئاسمان و رێسمانە. وەك "خێراتر لەوەی بیری لێدەکەیەوە. خێراتر لە هەموو ناوچەکە...تاد. بەڵام کە بە کردەوە دەبینین دەزانین کە ئاسکەکانی کوردستان خێراییان بەقەد خێرایی کیسەڵێکە!



# کۆشکی فەیسبووک دەکەوێتە لەرزین

لەمهەفتەیەدا تۆڕێکی کۆمەڵایەتی هاوچەشنی فەیسبوک لەلایەن کۆمپانیای گوگل کرایەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەی گوگل بەناوی Hangoutsـە. ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئەو خزمەتگوزارییەی تێدایە کە لەگەڵ هاوڕێیانت گفتوگۆیەکی ڤیدیۆیی بە کۆمەڵ پێکبێنن. ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە وەك تۆڕەی Skype، o-Voo کار دەکات، لە هەمووشی گرنگتر خزمەتگوزارییەکە بێ بەرامبەرە. بەهۆی Hangouts دەتوانین بەئاسانی کۆنفرانس و سمینار پێکبێنین. پێدەچێت ئەو خزمەتگوزارییە ببێتە رکەبەرێکی بەهێز لەگەڵ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا. تۆڕی کۆمەڵایەتی گوگل بە هێڵێکی ئینتەرنێتی زۆر خاویش کار دەکات.

facebook.

vs.

Google



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

خوێنەرێك پرسیاری ئەوە دەکات، ویندۆزەکەم هەست پێدەکەم کارکردی پێشووی نییە و خێراییەکەی دابەزیوە، گەرچی فۆرماتیشم کردووە، بەڵام کێشەکەی هەر وەك خۆی ماوەتەوە، ئایا هۆکاری بۆچی دەگەڕێتەوە، بۆ زۆربوونی پرۆگرامەکان دەگەڕێتەوە کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەن یان هۆکاری بوونی ڤایرۆسە؟

خوێنەری بەڕێز، رەنگە بوونی ڤایرۆس و قەرەباڵغی پرۆگرامەکان ئەگەرێکن بۆ کەمکردنەوەی خێرایی کۆمپیوتەر، بەڵام هەمووشتێك هەر ئەوانە نین. جار هەیە هیچ کام لەو دوو هۆکارە نین، کەچی کۆمپیوتەر هەر خێرا نییە، ئەو کات دەبێ بزانن کە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمپیوتەرەکە Disk defragmenter نەکراوە، دیسك دیفراگمێنت لە هەموو ویندۆزەکان داهەیە و ئەرکی رێکخستنەوەی فایلەکانە. ئێوە بە ئاسانی دەتوانن هەر هەفتەی جارێك کۆمپیوتەرەکەتان دیفراگمێنت بکەنەوە. لەسەرەتادا بچوونە بەشی Start و دواتر programs و دواتر Accessories و پاشان لە بەشی System tools دا بەشی Disk defragmenter بدۆزەوە. دواتر هەموو پارتشینەکان دەستنیشان بکە، بەڵام ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانی کرداری دیفراگمێنت دەنگی هاردەکەت هات ئەوە دەبێ هاردەکەت بگۆڕی.

# شەڕ و بەربەرەکانی لە یاری شەترەنج دا

یاری شەترەنج کە هەم لە ریزی یاری دەژمێردرێت و هەم لە ریزی وەرزشدا، لە ریزی پێشەوەی یارییە فیکرییەکان ئەژمار دەکرێت.. لە کۆمپیوتەردا دەیان یاری شەترەنج هەن کە هەرکامیان توانا و دیزاینی تایبەت بەخۆیان هەیە.. یاری Battle vs Chess v1.0 لەگشت یارییە شەترەنجییەکانی دیکە جیاوازترە، چونکە لەو یارییەدا بەربەرەکانی نێوان دوو سوپایە و دوو هێز پێکەوە شەڕ دەکەن.. ئەو یارییە لە ساڵی 2011دا بەرهەم هاتووە و لە ریزی یارییە ئەکشنەکان دەژمێردرێت. گەیمەر واتە یاریکەر خۆی وەك فەرماندەی سوپایەك دەبینێ کە لەبەرامبەر وڵاتێکی دیکەدا وەستاوە.. سەربازەکان راستەقینەن و شێوازی جوڵەیان وەك سەربازێکی راستی دەچێت ئەو کاتانەی کە دوژمنەکەیان لەناو دەبەن بە شەڕ و توندتیژی لەناوی دەبەن.. ئەسپ و فیلەکان جوڵەیان لە ئەسپ و فیلێکی راستەقینە دەچێت. هەرچەندە دەکرێت لەو یارییەدا دوگمەی ئەنمەیشنەکە ئەکتیف نەکەی، وەك شەترەنجێکی ئاسایی بیکەی..

